ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

دەورەی تازە

# ئۆکتۆبەر

97 — 25 ی تشرینی دووەم / نۆڤەمبەری 2024



## بڕیاری دەستگیرکردنی ناتانیاهۆ و گالانت!

موحسین کەریم

دوای (٦) مانگ لە داوای داواکاری گشتی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، کەریم خان، بۆ دەرکردنی بڕیاری دەستیگرکردن بۆ ناتانیاهۆ، سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل و یواڤ گالانت، وەزیری جەنگی پێشووی ئیسرائیل و هەریەکە لە ئیسماعیل هەنیە سەرۆکی حەماس و یەحیا سنوار، سەرۆکی حەماس لە غەززە، کە دواتر هەردوکیان لەلایەن ئیسرائیلەوە تیرۆرکران، سەرەنجام رۆژی سێشەممەی ڕابردوو ڕێکەوتی ٢١ی تشرینی دووەم/نۆڤەمبەر، دادگای ناوبراو بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ نەتانیاهۆ و گالانت دەرکرد بە تۆمەتی ئەوەی کە هوشیارانەو بە ئەنقەست دەوریان هەبووە لە بێبەشکردنی هاولاتیانی مەدەنی غەززە لە دەستگەیشتن بەو هۆکارانەی دەبێتەهۆی رزگاربوونیان لەمردن و تاوانی دژی مرۆڤایەتیان ئەنجامداوە!

ئەگەرچی (٦) مانگی خایاند تا دادگای ناوبراو ئەو بڕیارە دەربکات، کە لەو ماوەیەدا هەزاران هاوڵاتی مەدەنیی دیکە لە غەززەو لوبنان کۆمەڵکوژکران کە لەناویاندا ژمارەیەکی بەرچاو منداڵ هەیەو سەدان قوتابخانەو خەستەخانەو ماڵوحاڵی خەڵک لەگەڵ زەویدا تەختکران، ئەگەرچی توانای جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە زۆر لە سفرەوە نزیکە، بەڵام تەنها ئەوەی کە لە دەزگایەکی بەناو دادی سەر بە وولاتانی رۆژاواو ئەمریکا کە دوای تەوابوونی جەنگی سارد، بۆ دادگایی سەرانی

بۆ لاپەڕە ٢



## چەقبەستنێک لە کوردستان! کێشە سیاسیەکانی هەرێم لەدوای هەڵبژاردنەکان

عوسمانی حاجی مارف

بۆ لاپەڕە ٣

## کۆتاییهێنان بە توندوتیژی دژی ژنان، کاری چینی کرێکار و بزوتنەوەی یەکسانیخوازیە!

بەیاننامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

بە بۆنەی ٢٥ی نۆڤەمبەرەوە

بۆ لاپەڕە ٥

## بانگەواز بۆ نارەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بەکۆمەڵکوژی ئیسرائیل لە فەلەستین، ٢٩ی نۆڤەمبەر؛

بەرەی یەکگرتووی کرێکاری بۆ بەرگریکردن لەخەڵکی فەلەستین

٢١ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٤

بۆ لاپەڕە ٦

## دۆستایەتی باڤڵ و ئەعرەجی

عوسمانی حاجی مارف

بۆ لاپەڕە ٧



## کێ بەرپرسیارە لە ستەمکێشی و چەوساندنەوەی ژنان؟

لە پەراوێزی بەرنامەی "پێچ و پەنا" لە کەناڵی "٨" بەبۆنەی رۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان.

دەشتی جەمال

بۆ لاپەڕە ٩

## بۆرژوازی تورکیاو پێویستی پرسی ئاشتی!

نوری بەشیر

بۆ لاپەڕە ١١

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

# درێژەی......بڕیاری دەستگیرکردنی ناتانیاهۆ و گالانت!

دەوڵەتانی بلۆکی ڕۆژهەڵات دایانمەزراندوە و لەچاوتروکانێکدا بڕیاری دەستگیرکردن بۆ پۆتینی سەرۆکی ڕوسیا دەردەکات، دەرکردنی بڕیارێک دژی سەرانی تاوانباری ئیسرائیل، خۆی مانای سەرکەوتنێکی مەعنەوی مرۆڤایەتی ئازادیخوازو ئینساندۆستە کە ماوەی زیاتر لە ساڵێکە بەردەوام سەرشەقامەکانیان لە دەوڵەت و سەرانی دەوڵەتە ڕۆژاواییەکان و ئەمریکا گرتوە لەسەر ئەو پشتیوانیە بێمەرجەی لە ئیسرائیلی دەکەن و بەرامبەر بەچاونوقاندنیان لە کۆمەڵکوژی خەڵکی مەدەنی غەززە لەلایەن ئیسرائیلەوە، وە بەردەوام خوازیاری ڕاگرتنی شەڕ و کاولکاری لە فەلەستین و سزادانی سەرانی تاوانباری دەوڵەتی ئیسرائیل لەسەر جینۆسایدی خەلکی فەلەستین بوون!

لەلایەکی دیکەوە خودی ئەم بڕیارە، نیشانەی لێکترازانێکە لەناوخێزانی بۆرژوازی ڕۆژاوا ئەمریکادا دەربارەی کێشەی فەلەستین. لەکاتێکدا ئەمریکا دژی بڕیارەکە دەوەستێتەوە و ناتانیاهۆ بە بڕیارێکی دژە جولەکە(ئەنتی سەمیتیزم) ناوزەدی دەکات، زۆربەی وولاتانی ئەورووپاو کەنەدا ڕایانگەیاندوە کە ڕێز لە بڕیارەکەی دادگای تاوانی نێودەولەتی دەگرن سەبارەت بە دەستگیرکردنی نەتانیاهۆو گالانت. جۆزیف بوریل، سەرۆکی کاروباری دەرەوەی یەکێتی ئەورووپا ڕایگەیاند کە هەموو وولاتانی یەکێتی ئەورووپا لەسەریانە پابەندی بڕیارەکەی دادگای تاوانی نێودەولەتی بن. حکومەتی بەریتانیا ڕایگەیاند کە ئەگەری ئەوە هەیە نەتانیاهۆ دەستگیربکرێ ئەگەر سەردانی بەریتانیا بکات... وتاد. لەولاشەوە لیندسی گراهام، گۆنگریسمانی ڕاسترەوی پەرگیری ئەمریکا هەڕەشەی سزادانی فەرەنساو ئەڵمانیاو کەنەدا و بەریتانیا دەکات، ئەگەربێتو هاوکاری دادگا بکەن بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکەی!

چەمکی "دژە جولەکە- ئەنتی سەمیتیزم" کە دەیانساڵە وەکو قەڵغانێکی ئایدیۆلۆژی لەلایەن ئەمریکاو دەوڵەتانی ئەورووپاوە بە ئیسرائیل بەخشراوە، تا هەموو تاوانەکانی دژی خەڵکی فەلەستین، وەکو "مافی بەرگریکردن لەخۆ" پاکانە بکەن و لەهەرجۆرە لێپێچینەوەیەکی یاسایی پارێزگاری لێبکەن، ئیتر لەژێر زەبری بزوتنەوەی ئازادیخوازی و مرۆڤدۆستی خەڵکی جیهان و بەتایبەتی ڕۆژاوا، لەبەر ڕۆشنایی تاوانی کۆمەڵکوژی و جینۆسایدی خەڵکی مەدەنی فەلەستین و نارەزایەتی جیهانی دژی بەو کۆمەڵکوژیە، خەریکە بێبایەخ دەبێت! ئیتر دەوڵەتانی ئەورووپا بەتایبەتی، ناتوانن خۆیان لەژێرفشاری ئەو بزوتنەوە ڕادیکال و ئینسانیەدا دەربازبکەن و نادیدەی بگرن، ناتوانن کۆمەڵکوژی منالی فەلەستینی و روخاندن و کاولکردن و بۆردومانی خەستەخانەو قوتابخانەو کوشتنی منالی قوتابخانەو نەخۆش و بریندار ناو نەخۆشخانەکان و بێبەشکردنی دوو ملیۆن کەس لە ئاوی خواردنەوەو کارەبا و مەوادی خۆراکی و ئاوارەکردنیان و .....تاد. لەژێرناوی پروپووچی" مافی بەرگریکردنی ئیسرائیل لەخۆ" دەرخواردی هاوڵاتیانی خۆیان و رای گشتی بدەن!

ئەم بڕیارەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، شکستێکی سیاسی گەورە بوو بۆ ئیسرائیل و ئەمریکاو هاوپەیمانە ڕۆژاواییەکانی، هەروەکو سەرەتای دەستپێکردنی دەورەیەکی تازە دەبێت بۆ پرسی فەلەستین و بەدەستهێنانی پشتیوانی ڕای گشتی و ڕەسمیی جیهان بۆ چارەسەری کێشەی فەلەستین. ئەگەر تاوانەکانی ئیسرائیل دژی خەڵکی مەدەنی غەززە سۆزی خەڵکی مرۆڤدۆست و ئازادیخوازی دنیای بەلای خۆیدا ڕاکێشاو وایکرد کە چەندین دەوڵەت پرسی دەوڵەتی فەلەستین بە ڕەسمی بناسن، ئەوا ئەم بڕیارەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، ئەو پارێزبەندیەی لە ئیسرائیل، کۆرپە نازدارەکەی ئەمریکاو ڕۆژاوا، سەندەوە کە تاوانەکانی دژی خەڵکی فەلەستین و سەربادان و ئیتکارکردنی چارەسەری کێشەی فەلەستین و پرسی دروستبوونی دەوڵەتی فەلەستینی بە ئاسانی بۆبچێتەسەر و لەناوخۆی ئیسرائیلیشدا ئیمکانی دروستبوونی هاوسەنگیەکی تازە لەنێوان خەڵک و حکومەتە ڕاسترەوەی نەتانیاهۆ زیاتر دەبێت!

★


ئۆکتۆبەر

ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

سەرنوسەر : موحسن کەریم

ڤایبەر: 0044(0)7394013135

واتس ئەپ: 0044(0)7394013135

مۆبایل:0044(0)7394013135

Muhsin_km@yahoo.com

ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک:
October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر

ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!



سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی :
عوسمانی حاجی □ارف
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com

سەرۆکی مەکتەبی سیاسی: خەسرە□ سایە
00964(0)7701521043
Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk

ڕێکخراوی دەرەوە: دەشتی جە□ال
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com

بەرپرسی سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی:
جە□ال□وحسین
0047(0)47276028
Email:skrtariati.ms@gmail.com

# چەقبەستنێک لە کوردستان!

# کێشە سیاسیەکانی هەرێم لە دوای هەڵبژاردنەکان

عوسمانی حاجی مارف

لەگەڵ کۆتاییهاتنی هەڵبژاردنەکان، پێشبینی دەکرێت کۆمەڵێک کێشەی سیاسی سەرهەڵبدەن کە ڕەنگە کاریگەریان هەبێت لەسەر پێکهێنان و هەڵبژاردنی حکومەتی نوێ و دۆخی ژیانی خەڵکی کوردستان، بەتایبەتی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ٢٠/١٠/٢٠٢٤ جارێکی تر جەختی لەسەر هەژموونی بارزانی و تاڵەبانی کردەوە، ئەو هەژمونیەی کە پێشتر بەهێزی چەکداری و لەچوارچێوەی کایەی نفوزی خۆیاندا بەدەستیان هێناوە و سی ساڵ زیاترە قۆرخی دەسەڵاتیان کردووە.

گومانی تیانیە کە بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵی عێراق، بۆ ڕێگریکردن لە زۆرینەی ڕەهای بارزانی ئەنجامدراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دیمان بارزانی نزیکەی دوو ئەوەندەی دەنگی تاڵەبانی هەیە.

ئەم دیمەنە سیاسیە نوێیەی لە ئاکامی دۆخی هەڵبژاردنەکاندا پێشهاتووە، دەتوانێت وەک ئاکامێک بەدوای واقعیەتی کێشەکانی ئەو هەڵبژاردنەندا ببێتە هۆی درێژەدان لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتدا، چونکە بەو پێیەی کە یەکێتی بە ئەگەرێکی زۆرەوە هەمان تەرخانکردنی پۆستە حکومیەکان وەک کابینەکانی پێشوو قەبوڵ ناکات. بەوەی کە تائێستا لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، یەکێتی پۆستی سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی هەرێمی بەدەست نەهێناوە، ئێسا هەوڵ ئەدات ئەو پۆستانە بەدەست هێنێت، لەهەمانکاتدا لە بەرامبەریدا پارتی هەمیشە پۆستی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتی بەدەستەوەیەو تەنها هەرخۆی بە خاوەنی ئەو پۆستە پێناسەدەکات، لەڕاستیدا نیشانەی مانەوەی دەسەڵاتی بارزانی و پێگەی سیاسیەتی. لەلایەکی ترەوە، یەکێتی لە بەغدا لە ساڵی ٢٠٠٥ەوە پۆستی سەرۆکایەتی عێراقی بەدەستەوەیە، بەڵام پارتی لە ساڵانی ٢٠١٨ و ٢٠٢٢ کێبڕکێی بۆ ئەو پۆستەش کردووە.

هەڵمەتی ئەم دواییەی تاڵەبانی ئاشکرایە کە زیاتر جەختی لە سەر کەمکردنەوەی هەژموونی بنەماڵەی بارزانی کردووە. تاڵەبانی لەدوای ئەو بانگەشە توندەی لەکاتی هەڵبژاردندا بەکاریهێنا، ئامانجی تەنها پۆستی باڵای زیاتر نییە، بەڵکو ئامانجی پۆستە سەرەکیەکانیشە، وەک ئەو پۆستانەی لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٩ بۆ ٢٠١٣ بەدەستی هێنابوو، کە بەرهەم ساڵح بۆ ماوەی دوو ساڵ وەک سەرۆک وەزیرانێکی بێدەسەڵات خرایە سەر کار. بەڵام پێناچێت بارزانی جارێکیتر دان بەوەدا بنێت، هەرچەندە دەربارەی سەرۆکایەتی هەرێم، ئەگەری ئەوە هەیە جێی گفتوگۆ بێت.!

ئاماژەکان بە لەبەرچاوگرتنی ململانێی قوڵی نێوان بارزانی و تاڵەبانی ئەوە دەردەخەن کە پێکهێنانی حکومەتی نوێ درێژخایەن و پڕ کێشمەکێش دەبێت، سەرەڕای ئەمەش هەردوولا ئەوە باش دەزانن کە حوکمڕانی هەرێم هیچ لایەکیان بەتەنیا بۆیان ناچێتەسەر، ئەمە پێویستی بەوەدەبێت هەردوولایان سازش بکەن و نەرمی نیشان بدەن، بۆئەوەی حکومەتێک پێکبهێنن کە بتوانێ ئامادەبێ بۆ سەوداو مامەڵەکردن لەگەڵ بەغدا، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئاستەنگە بێشومارانەی کە لە ململانێیان لەبەرامبەر بەغدا دەرگیری بوون، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە بەهەر شێوەیەک بگەنە ئەو ئەنجامەی حکومەتکەیان پێکبهێنن، زۆنی زەردو زۆنی سەوز ئەو بەڵا سەرسەختەیە کە هیچکات ڕێگە نادات بەیەکدەستی لەبەغدا دانیشن، ئەمەش گەورەترین بەربەستە لە کۆتاییهێنانی مامەڵکردن بە بودجەو مووچەو زۆربەی کێشەکانیان و مانەوەی ناسەقامگیریدا.

هیچ لایەنێک لە بارزانی و تاڵەبانی ناتوانێت بە تەنها و بە ئاسوودەیی حکومەت پێکبهێنێت، هەروەها پێکنایەت تەنها بە ڕێککەوتن و تەوافوقی نێوان ئەوان و لایەنە سیاسیەکانی تر نەبێت، لەلایەکی ترەوە هیچ یەکێک لەو دوو لایەنە سەرەکیە دەستبەرداری دەسەڵات نابێت. یەکگرتوی ئیسلامی، کە ئاماژەی بەوەدا بەهۆی ناڕازیبون لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بەشداری حکومەتی داهاتوو ناکات، بەڵام یەکگرتوو ئەوە باش دەزانێت کەهیچ پێگەیەکی لە حکومەتدا نابێت، تەنها بەکار دەهێنرێت، بۆیە نارەزایەتی دەکات، کە ئەم نارەزایەتیەش لەو قەیرانەی تێیکەوتووە رزگاری ناکات.

لەهەمانکاتدا نەوەی نوێ بەجیا لەوەی لە لیستی سێیەمدایە، بەڵام پێگەیەکی سیاسی وەهای نیە کە بتوانێ لەپێکهێنانی حکومەتدا مامەڵە و گەمەیەکی جدی و یەکلایکەرەوە بکات، نەوەی نوێ لەگۆمێکی لیڵدا مەلە دەکات. واتە پێکهێنانی حکومەتی نوێ، بەدوای ململانێیەکی سەختەوە ئەنجامی پێکهێنانی رادەگەیەنرێت، کە ڕەنگە چەند مانگێک بخایەنێت، ئەمەش لەئەنجامی ناکۆکی نێوان لایەنە سیاسیەکانە، بەتایبەتی نێوان هەردوو حزبی سەرەکی، لە هەمانکاتدا هەلومەرجی سیاسی هەرێمی و عێراق و

ناوچەکەش کارگەری دەبێت.

لەکاتێکدا کە بارزانی دەبێت هەوڵی زۆر گەورە بدات بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی پێشوتری و پاراستنی پێگەی سیاسی خۆی لە حکومەتی هەرێمدا، تەنانەت ئەگەر ئەو ناچاریەش هەیە، کە دەستبەرداری رێککەوتنەکانی پێشوەختە بێت لەسەر کەرکوک، یان پشکی هەرێم لە بودجەو چۆنیەتی دابەشکردنیدا، هەروەها راگرتنی کێبڕکێی لەسەر پشکی سەرۆک کۆمار لە حکومەتی عێراقدا، ئەوەی گرنگە بۆ بارزانی دەستبەرداری پۆستی سەرۆکی هەرێم و سەرۆک وەزیران نابێت، چونکە ئەگەر دەستبەرداری پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆک وەزیران ببێت، ئەوا شکۆی سیاسی لەدەست دەچێت و پێگەی دادەبەزێت.

لەهەر حاڵەتێکدا گەر دواجار حکومەت پێکبهێنرێت، ڕووبەڕووی کۆمەڵێک تەحەدا دەبنەوە کە گرنگترینیان بریتین لە:

دەرگیربونیان لەگەڵ قەیرانی ئابوری، کە کێشەکانی پەیوەندی بەغداو هەولێر واپێدەچێت ئەو قەیرانە بگەیەنێت بە ئاستێکی باڵاتر، بەتایبەتی بەشێکی زۆر لەسەرچاوەی داهاتەکانیان کۆنترۆڵکراوە، لەم حاڵەتەدا کەمبونەوەی داهات یەخەیان پێدەگرێت، لەلایەکی تریشەوە دیار نیە کە حکومەتی هەرێم لە ڕێرەوی "پرۆژەی گەشەپێدان" کە پرۆژەیەکی گەورەی ئابوریە لە عێراقدا بەشی چۆن دەبێت، ئەگەر کابینەی حکومەتی نوێ نەتوانێت بە شێوەیەکی کاریگەر بچێتە سەر کێشەکانی، ئەوا بەرزبونەوەی ڕێژەی بێکاری دەتوانێت ببێتە هۆی نارەزایەتیەکی بەرفراوانی جەماوەری و ناسەقامگیری ئابوری و دارایی زیاتر لە هەرێمدا.

لەهەمانکاتدا گومانی تێدانیە کە داواکاری هاووڵاتیان بۆ موچەو باشترکردنی بارودۆخی ژیان و پێداویستی و خزمەتگوزاریەکان زیادیکردووە. هەر دابەزینێک لە وەڵامی ئەم داواکاریانەدا بێمتمانەیی زیاتر دەکات و دەبێتە هۆی نارەزایی بەربڵاو لەئاستێکی بەرفراوانی جەماوەریدا، ناکۆکی کێشەکانی "تەوتین و هەژماری من" ئاسۆیەکی ئەرێنی ناخوێنێتەوە.

لەهەمانکاتدا بەردەوامی هەرەشە ئەمنیەکانی دۆخی ناوچەکە لەبابەتی داعش و مەترسی فراوانبونەوەی شەڕو هێرشکاری ئیسرائیل لە ناوچەکەدا، حکومەتی هەرێمی لە چاوەڕوانیدا ڕاگرتووە، جگە لەوەی کە حکومەتی هەرێم مەیلی بەرامبەر بە لایەنێکی نێودەوڵەتی هەیە و دوژمنایەتی لایەنێکی دیکەی نێودەوڵەتی دەکات، ئەم حاڵەتە دەیخاتە سەر ڕێڕەوێک بۆ ململانێ و تەسفیەکردن، هەروەها دابەشبونی پاشکۆبونیان، بارزانی بۆ تورکیا و تاڵەبانی بۆ ئێران، دەرگاکردنەوەی زیاتری سنورەکان بۆ لەشکرکێشی سەربازی تورکیا و ئێران، بەردەوامی بۆردومانەکان کە دۆخی ئەمنی کردۆتە تەحەدایەکی گەورە. هەر شکستهێنانێک لە پاراستنی ئاسایشدا، ململانێ ناوخۆییەکان زیاتر دەکات و دۆخی هەرێم دەخاتە بەردەم چەقبەستنێک و ڕودانی کارەسات.

سەردانی سودانیش بۆ هەرێم و دیداری لەگەڵ چەند لایەنێکدا، جگە لە نمایشێک و هەوڵی دەستەمۆکردنی زیاتری لایەنەکان، تروسکایەکی تیا نەبوو لە پەیوەند بە ژیان و بەرژەوەندی خەڵکەوە.

حکومەتی داهاتووی هەرێم، ڕووبەڕووی ئاستەنگی گەورە دەبێتەوە کە مەترسی لەسەر ئایندەی هەرێم دروست دەکات. تەنانەت خەونی بانگەوازی یەکڕیزی "کورد" بە ئەبەدی خراوەتە دوڕیانێکی بنبەست و چەقبەستوەوە، ئەو یەکڕیزیەی کە گوایە کۆتایی بە زۆنی زەردو سەوز بهێنێت!، بەڵکو ئەگەری ئەوە زیاتر نیشان ئەدرێت کە ببێتە دوو هەرێم.

هەڵبەتە ئەوە ڕۆشنە کە ئەم دۆخە نالەبار و پڕقەیرانە لە دواجاردا وەک هەمیشە بەسەر ژیان و گوزەران و نەبونی ئاسایش بەسەر کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش و هەژارو بێکارو نەداردا دەشکێتەوە، بۆیە پێویست دەکات، جەماوەری نارازی بە ئامادەیی یەکڕیزی و ڕێکخراوەیی و سەراسەری نارەزایەتیەکانیان بەرنە پێشەوەو دەخالەتی ڕاستەوخۆ بکەن لە دابینکردنی ژیان و چارەنوسی خۆیاندا، ئەم هەڵبژاردنەو پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتەکەیان ئەوەی زیاتر ڕۆشنکردەوە کە هیچ ئاسۆیەکی لەبەردەم بەرژەوەندی دانیشتوانی هەرێمدا نەهێشتۆتەوە، جگە لەوەی نارەازتەیەکانیان بەهێز کەین.

★

**فشاری خەڵکی ئازادیخوازی دنیا و بەتایبەتی ڕۆژاوا بۆ دەستبەجێ ڕاگرتنی شەڕی ئیسرائیل لەدژی دانیشتوانی غەززە، ئەو فاکتەرە کاریگەرەیە کە دەتوانێ ئەمریکاو دەوڵەتانی ئەوروپا کە پشتیوانی بێمەرجی ئیسرائیلن لەم تاوانکاریەیدا دژ بە خەڵکی غەززە، ناچاربکات دەستبەرداری پشتیوانی بێمەرجیان بن لە ئیسرائیل و هاوکات فشار لە ئیسرائیل بکەن بۆ کۆتاییهێنان بە جەنگەکەی دژی خەڵکی منداڵان و خەڵکی مەدەنی فەلەستینی! کۆتایی جەنگی ئیسرائیل واتە ڕاگرتنی پرۆسەی جینۆسایدی خەڵکێک کە گەمارۆدراون و لە هەموو ئیمکاناتێکی ژیان بێبەشکراون!**

# کۆتاییهێنان بە توندوتیژی دژی ژنان، کاری چینی کرێکار و بزوتنەوەی یەکسانیخوازیە!

٢٥ی نۆڤەمبەر ڕۆژی جیهانی ڕاوەستانەوەیە بەرامبەر بە توندوتیژی لەدژی ژنان. بەم بۆنەیەوە هەموو ساڵێک لەلایەن ڕێکخراوەکانی ژنان، دەوڵەتان و دامەزراوە جیهانیەکانەوە، جارێکی تر پرسی ژنان و ئەو توندوتیژی و جیاکاریەی ڕووبەڕوویان بۆتەوە، دەکەنە جێگای باسی میدیاکان و ئەنجامدانی چالاکی جۆراوجۆر. بەڵام خودی ئەم ڕۆژە بەڵگەیەکی ئاشکرایە کە ژنان لەسایەی سیستمی سەرمایەداری و دەسەڵاتداریێتی چینی بۆرژوازی و یاسا و نەریتە باڵادەستەکانیدا، لەگەڵ ئەوپەری ستەم و بێمافی و جیاکاری و ژێردەستەییدا، تائاستی کوشتن و کۆیلەیەتی بەرەوڕووە. سەرهەڵدانی قەیرانە ئابوریەکان، وەک بنەمایەک بۆ هێرش و پەلاماردانەکانی دەوڵەتانی دونیای ئەمڕۆ بۆ سەر ژیان و گوزەرانی خەڵکی زەحمەتکێش و پەیرەویکردن لە سیاسەتی سکهەڵگوشین و لێگرتنەوەی ئابوری، جگە لە سەپاندنی هەژاری و بێکاری و پایماڵکردنی ماف و ئازادیەکان، کە ژنان و کەسایەتییان دەکاتە نیشانە، هاوکات هەڵایسانی جەنگ و توندبونەوەی میلیتاریستی و ئاوارەیی و کوشتاری بەکۆمەڵ و چالاکبونەوەی ڕەوتە ئیسلامی و ڕاسیستی و فاشیستیەکانی کردۆتە واقعیەتێکی تراژیدی و لەپێشەوە قوربانیەکانی خۆی لە ژنان و منداڵان دەسێنێ. جەنگ لە غەزە و لوبنان و ئۆکرانیا و سودان و.. کە تائێستا بەسەدان هەزار قوربانی لێکەوتۆتەوە و چەند ملیۆن ئینسانی ئاوارە و دەربەدەرکردووە، چەندیدن ماڵوحاڵ و گوند و شاری بەیەکجاری کاولکردووە، واقعیەتێکی تاڵی دونیای سەرمایەداری ئەمڕۆ و بەرهەمی کارنامەی ئینسانکوژی هەر ئەو دەوڵەتانە و هەر ئەو هێزە سیاسیە بۆرژوازیانەیە کە ئەمڕۆ دەم لە"ڕۆژی ڕاوەستانەوە بەرامبەر بە توندوتیژی ژنان" دەکوتن.

لە کوردستان، ژنان لەسایەی دەسەڵاتی بۆرژوا-ناسیۆنالیستی کورد و حزبەکانیدا، بەدرێژایی چەندین دەیە، نەک هەر لەگەڵ بێمافی و جیاکاری و توندوتیژییەکی ڕێکخراو و پێشێلکردنی ئازادیەکانیاندا ڕووبەڕووبوونەتەوە، بگرە کوشتن بە بەهانەی ناموس و ناچارکردنیان بەخۆسوتاندن بۆتە پەڵەیەکی ڕەش بە تەوێڵی سیستەمی حوکمڕانیەوە. سەرباری یاسا کۆنەپەرستە پیاوسالاریەکان، کە سەرچاوەی لە شەریعەتی ئیسلام وەرگرتوە، ژیانی کۆمەڵایەتی و یاسایی ژنانی کوردستانی لە دۆخێکی توندوتیژی بەردەواوم و ڕێکخراودا ڕاگرتووە و نەریت و کەلتوری کۆنەپەرستانە و دواکەوتوانەی جێماوی عەشیرەتی کوردایەتی لەلایەن حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردایەتیەوە بەسەر ژناندا سەپێنراوە و ڕۆژانە بەکەم زانین و ئەتکردکردن و بەکاڵا سەیرکردنی ژنان بەشێوەیەکی فراوان لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەلایەتیدا، خۆبەخۆ ڕەواجی پێدەدرێ. هاوکاتیش، دەست و دەمی ئیسلامی سیاسی و مەلا و بانگخوازە ئیسلامیە کۆنەپەرست و سەلەفیەکان دژی مافەکانی ژنان و کەسایەتی و کەرامەتی کۆمەڵایەتی و ئینسانیان کراوەتەوە و ڕۆژانە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و میدیاکانی حزبە جۆراوجۆرە ناسیۆنالیستی و ئیسلامیەکانەوە ژەهری دژە ژن و بەسوک تەماشاکردنی ژنان و سەپاندنی فرەژنی و گەرمکردنی بازاڕی بازرگانی بە ژنانەوە بەناوی زواجی مسیار و موتعەو فرەژنی و تاد... دەڕێژرێت. بەڕادەیەک کە ئەم دۆخە بۆ ژنان بەئاستێک گەیشتووە، کە ژن بوون جگە لە مانای بوونەوەرێکی بێبایەخ و بێنرخی دروستکراو بۆ چێژوەرگرتنی سێکسی و خزمەتی پیاو، شتێکی تر نییە. هەر ژنێکیش لەم پێوەر و فەرهەنگە دواکەوتوانانە لابدات، ڕووبەڕووی کوشتن و توندوتیژی و سوکایەتی دەبێتەوە. ئەم ئاپارتایدە ڕەگەزی و یاسایی و کۆمەڵایەتیەی دژی ژنان لە کۆمەڵگای کوردستاندا بەڕێخراوە، بەشێکە لە جیاکاریی ڕێکخراو و بەئەنقەستی بۆرژوازی کورد، بە هەموو بزووتنەوە و ڕەوتەکانیەوە، بەمەبەستی لێکدابڕینی ڕیزەکانی چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێشی کوردستان، تا دەسەڵات و بەرژەوەندی سەرمایە و سەرمایەدارانی کورد و خاوەن کۆمپانیاکان لەسەر ڕەنج و زەحمەت و قوربانی و خوێنی ئەوان مسۆگەر بێت!

بێگومان وەستانەوە بەڕووی ئەم تاوانکاری و ستەمگەریەی کە ڕووبەڕووی ژنانە، چ لە جیهاندا و چ لە کوردستان، لەلایەن بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و کۆمۆنیزمی کرێکاری و جوڵانەوە سکولاریستی و ئینساندۆستیەکانەوە، هەمیشە مەیدانێک بووە لەڕاستای بەرگریکردن لە کەسایەتی ئینسانی ژن و بەدەستهێنانی ماف و ئازادیەکانیان، گۆشەیەک بووە لە خەباتێکی چینایەتی بەرینتر، بۆ باشکردنی ژیان و

⇦

پێکهێنانی گۆڕانکاری له کۆمەڵگادا.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، له ڕۆژی جیهانی ڕاوەستانەوە بەرووی توندوتیژی ژناندا، بانگەوازی ڕێکخراوەکانی ژنان و بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان دەکات، ئەمرۆژە لەڕاستای توندکردنەوەیخەبات بۆ لەگۆڕنانی ئاپارتایدی ڕەگەزی و بۆ یەکسانی هەمەلایەنەی یاسایی و کۆمەلایەتی ژنان لەگەڵ پیاواندا، بەدەستەوەبگرن. هاوکات ڕادەگەیەنێت کە خەبات بۆ گێڕانەوەی حورمەتی ئینسانی و ماف و ئازادیەکانی ژنانی کوردستان، بەشێکە لە خەبات و ئەو ناڕەزایەتیە جەماوەریەی کە ڕۆژانە و بە شێوازی جۆراوجۆر بۆ بەدەستهێنانی موچە و دامەزراندن و خزمەتگوزاریەکان، یەخەی دەسەلاتداران دەگرێ. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان ڕادەگەیەنێت کە هەروەکو چۆن مانەوەی ستەم و توندوتیژی و نایەکسانی و بێمافی ژنان لە بەرژەوەندی چینی سەرمایەدار و خاوەن سامانی کۆمەلگای کوردستاندایە و حزب و لایەن و دەسەلاتەکانی ئەوان بە چنگ و ددان دەیهێڵنەوە، ئاواش ڕزگاربوون لەو دۆخە پڕ لە سوکایەتی و بێمافیەی ژنان بەندە بە خەباتی ژنان و پیاوانی یەکسانیخوازەوە لەپاڵ بزوتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستیدا بۆ هەڵتەکاندنی سیستمی سەرمایەداری و بنەما یاسایی و کۆمەلایەتی و ئابوریەکانی چەوساندنەوەی چینایەتی..

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**نۆڤەمبەری ٢٠٢٤**

# بانگەواز بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بەکۆمەڵکوژی ئیسرائیل لە فەلەستین، ٢٩ی نۆڤەمبەر؛

## بۆ چینی کرێکار و ڕێکخراو و دامەزراوە کرێکارییەکان بۆ خەڵکی ئازادیخواز و ئاشتیخوازی بەرگریکار لەخەڵکی فەلەستین!

لە ئۆکتۆبەری ساڵی ڕابردووەوە تا ئێستا، کوشتنی خەڵکی بێبەشی فەلەستین، بەتایبەتی لە کەرتی غەززە، بە نوێترین چەکی سەردەم و کوشتنی بەکۆمەڵ لە زەوی و ئاسمانەوە، لەلایەن حکومەتی فاشیستی ئیسرائیلەوە، بەهاوکاریو پشتیوانی هەمەلایەنەی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، هێشتا درێژەی هەیە. ئەمڕۆ هیچ شتێک لە کەرتی غەززە نەماوە جگە لە زەویەکیی وێرانە کە دەیان هەزار کەسی لە ژێر داروپەردووەکەیدا نێژراون. زیاتر لە ٤٤ هەزار کوژراو کە نزیکەی ١٧ هەزاریان منداڵانی بێتاوان، هەروەها زیاتر لە ١٠٠ هەزار بریندار و ئاوارەبوونی چەند ملیۆن کەس بەبێ هیچ سەرپەنایەک، داگیرکردن و ڕێگریکردن لەگەیاندنی هەر جۆرە هاوکارییەکیبەم ئینسانانە، تا لەناوبردنی تەواوی ژێرخانی ئابوری و کۆمەلایەتی، وێرانبونی قوتابخانەکان، باخچەی ساوایان، نەخۆشخانەکان، کەمپی ئاوارەکان و هەر ناوەندێکی تری فریاگوزاری و مردن لەبرسێتی، بێئاوی وبێخۆراکیدا، بەهۆیڕێگریەکانی ئیسرائیلەوە، تا فراوانبوونەوەیجەنگ بۆ لوبنان و... هەموو ئەمانە بەرئەنجامەکانی تا ئێستای دڕندەیی دەوڵەتی فاشیستی ئیسرائیلە.

کومەڵکوژی دەوڵەتی ئیسرائیل، بە پشتیوانی و پاڵپشتی هەمەلایەنە و تەواویی حکومەتی ئەمریکا، سیاسەتێکە کە تەواوی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بەرەو قوناغێکی مەترسیدار ڕاپێچکردووە. ڕۆژی سێشەممە ٢٠ی نۆڤێمبەر-تشرینی دووەم، جارێکی دیکە بڕیارنامەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئاگربەست لە غەززە لەلایەن ئەمریکاوە ڤیتۆ کرا، ئەمەش بە کردەوە دەستی ئیسرائیل بۆ درێژەدان بە تاوان و جینۆساید، بەکراوەیی دەهێڵێتەوە. ئەم ڕاستییەش جارێکی دیکە نیشانی داوەوە کە زامنکردنی ئاسایش و ئازادی خەڵکی فەلەستین، بەهێزی ئێمە و خەڵکی ئینساندۆست موتەمەدینی سەراسەری جیهان و بەتایبەتی هێزی چینی کرێکاری جیهانی بەدیدێت.

٢٩ی نۆڤێمبەر ڕۆژی جیهانی هاوپشتیە لەگەڵ خەڵکی فەلەستین. ئێمە لە "بەرەی یەکگرتووی کرێکاری بۆ بەرگریکردن لەخەڵکی فەلەستین"، کە پێکهاتووە لەچەندین یەکێتی و ڕێکخراوی کرێکاری و لایەنی بەرگریکار لەخەڵکی فەلەستین لە زیاتر لە دە وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا، هەموو کرێکاران، دامەزراوە کرێکارییەکان، سەندیکاکان و کەسایەتییەکانی چینی کرێکار و خەڵکی ئازادیخواز، بانگەوازدەکەین بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتییەکی جیهانی لەم ڕۆژەدا، لە دژی تاوان و کومەڵکوژی و

پاکتاوکردنی نەتەوەیی ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانی.

ئێمە چاوەڕوانیمان ئەوەیە کە چینی کرێکار و ڕێکخراوە کرێکارییەکان و خەڵکی ئازادیخواز لە ناوچەکە و جیهاندا بە هەموو شێوازێکی مومکین لە خۆپیشاندان و کۆبوونەوە و مانگرتن و هتد، دژ بە تاوانەکانی ئیسرائیل لە جیهاندا بەیەکەوە و یەکگرتوانە بۆ بەرگریکردن لەخەڵکی فەلەستین و بۆ ئاشتی و کۆتاییهاتنی شەڕ و تاوان، بێینە مەیدانەوە.

ئێمە بەشبەحاڵی خۆمان بۆ ڕێکخستنی جوڵانەوەکانی چینی کرێکار لە ناوچەکەدا بۆ بەرگریکردن لەخەڵکی فەلەستین و کۆتاییهێنان بەم جینۆسایدە، تێدەکۆشین و دەستی هاوکاری و دۆستایەتی خۆمان بۆ هەموو ڕێکخراوە کرێکارییەکان لە سەرانسەری جیهان درێژ دەکەین. ئێمە بانگهێشتتان دەکەین بۆ نێو ئەم جوڵانەوە نارەزایەتیانە ئەویش بەسازدانی مانگرتن و کۆبوونەوە، خۆپیشاندان و هەر چالاکیەکی تر، لە ٢٩ ی نۆڤێمبەر-(تشرینی یەکەم) دا.

ئێمە دەتوانین و دەبێ ماشێنی کوشتنی بەکۆمەڵی ئیسرائیل-ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیان بوەستێنین کە ناوچەکەیان لەخوێن هەڵکێشاوە. سەدان هەزار منداڵی فەلەستینی و ملیۆنان کەسی بێبەش لەم ناوچەیە چاوی ئومێدیان لە هەوڵدانەکانی ئێمە بڕیوە.

**بەرەی یەکگرتووی کرێکاری بۆ بەرگریکردن لەخەڵکی فەلەستین**

**٢١ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٤**

# دۆستایەتی بافڵ و ئەعرەجی

## عوسمانی حاجی مارف

بەغدا و تاران حسابێکی تایبەت بۆ بافڵ و یەکێتی دەکەن، چونکە بێدوڵی هەڵدەستن بە پێشخزمەتیەکی ئەمنی گەورە و ڕۆڵێکی سیاسی دەگێڕن بۆ بەرژەوەندیەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران.

جێبەجێکردنی ئەو ڕێکەوتنەی لە مانگی ئازاری ساڵی ڕابردودا ڕاپانگەیاندبوو، لەبارەی بەرزکردنەوەی ئاستی پاراستنی ئاسایشی ناوچە سنوورییەکانی نێوان ئێران و هەرێم، بە چەکداماڵین و دورخستنەوەی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی دژ بەئێران لە سنورەکانی ئێران و هەرێمدا، کە دەیانەوێت بەمجۆرە دڵسۆزی و پابەندبونی زیاتری خۆیان بۆ کۆماری ئیسلامی بسەلمێنن، تا لەسایەی کۆماری ئیسلامیدا پارێزگاری لە پێگەی سیاسیان بکەن،هەر بەم شێوەیەش بافڵ دەتوانێت دەسەڵاتی سیاسی بەڕێوەببات.

بافڵ بەجیا لەوەی پێداگری و جەخت لەسەر دڵسۆزی سی ساڵەی بەردەوامی ڕێبازی یەکێتی دەکاتەوە بۆ کۆماری ئیسلامی، لەهەمانکاتدا بەدوای ڕۆڵێکی کاریگەریەوەیە تا ئەوە مسۆگەر بکات لە نێو هاوپەیمانەکانی لە ئێران و لە عێراق جێگایەکی دامەزراو بچەسپێنێت! تا بەم ڕێگەیە هاوسەنگی هێزەکەی لە بەرامبەر ڕکابەرەکەی کە بارزانی و پارتیە بە قازانجی خۆی بگۆڕێت بۆ بەرزبونەوەی ئاستی ئەو هاوسەنگیەی کە چەندین ساڵە خەوی پێوەدەبینن.

لەهەمانکاتدا بارزانی و پارتی بەهەمانشێوەی پێشخزمەتی بۆ تورکیا توانیویانە هاوسەنگی هێزو سیاسیان لەبەرامبەر تاڵەبانی و یەکێتیدا بپارێزن، بەهەمانشێوە تورکیاش حسابێکی تایبەت بۆ بارزانی و پارتی دەکات.

ئەتوانم بڵێم هەوڵی پاراستنی سنوورەکانی ئێران ڕۆڵێکی کارای هەیە، کە جێگەی تایبەت بۆ تاڵەبانی لەنێو هاوپەیمانەکانی لەتاران و لە عێراق مسۆگەر دەکات.

دوای گەڕانەوەی قاسم ئەعرەجی لە ئێران، کە ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی عێراقە، سەرپەرشتی جێبەجێکردنی ئەو ڕێکەوتنە دەکات کە لەنێوان ئێران و عێراق و هەرێمدا پەسەندکراوە، هەروەها سەبارەت بەو دۆسیەی دەربارەی بونی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە عێراقدا لەئارادایە، ئەعرەجی بەرەو سلێمانی بەڕێکەوت و لە دەباشان گفتوگۆی لەگەڵ بافڵ و ژمارەیەک بەرپرسی سیاسی و ئەمنی ئەنجامدا، قاسم ئەعرەجی کە سەر بە ڕێکخراوی بەدرە، یەکێکە لە کوتلە بەهێزەکانی شیعەی عێراقی دڵسۆز بۆ ئێران، بافڵ پەیوەندی زۆر نزیکی لەگەڵدا پەرەپێداوە، هەوڵئەدات لە ململانێی بەرامبەر بارزانیدا پشتیوانیەکی بەهێزی هەبێت، بەو هیوایەی ئەوە نیشان بدات کە بەم ڕێگەیە دەست بەسەر سەرکردایەتی هەرێمدا بگرێت! ئەوەی لەم هەڵبژاردنەی ٢٠٢٤/١٠/٢٠دا بۆی نەچووە سەر، هەوڵئەدات بەڵکو لەڕێگە ئەعرجیەوە قومارێکی تر بەرامبەر بارزانی بکات و دەستکەوتێکی هەبێت! یان لەدواجاردا گەر دۆخەکە نەشێوێنن، پێگەیەکی زیاتر لە پێکهێنانی حکومەتی هەرێمدا بەدەست بهێنن.

لەڕاگەیەندراوێکی نووسینگەی ئەعەرەجیدا ئاماژە بەوەکراوە، کە بەڕێنمایی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان، محەمەد شیاع سودانی، بەیاوەری شاندێکی

ئەمنی، سەردانی سلێمانیان کرد، بۆ بەدواداچوون لە جێبەجێکردنی ڕێکەوتنی ئەمنی نێوان عێراق و ئێران، هەروەها لەڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە، ئەعرەجی و ئەندامانی شاندی ئەمنی یاوەری، لەگەڵ سەرکردەکانی دەزگا ئەمنیەکانی یەکێتی بە ئامادەبونی بافڵ کۆبوونەتەوە و باسیان لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە و سەرجەم وردەکاریەکانی تێدا کردووە.

میدیاکانی ئێران لە زاری ئەعرەجیەوە ڕایانگەیاندووە کە ئاسایشی عێراق ئاسایشی ئێرانە، حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێم ئامادەن ڕووبەڕووی هەر هەڕەشەیەکی ئەمنی بۆ سەر کۆماری ئیسلامی ببنەوە، لەهەمانکاتدا بافڵ باسی لەپێشهاتە ئەمنی و سەربازیەکانی ناوچەکە و پتەوکردنی هەماهەنگی نێوان هێزە ئەمنیەکان لە هەرێم و عێراق کردووە.

چەکداماڵینی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و دورخستنەوەیان لە سنوورەکانی ئێران خاڵێکی سەرەکی لەڕێکەوتنی ئەمنی نێوان بەغدا و تاران بوو، سەرچاوە عێراقیەکان ناوەڕۆکی ڕێکەوتنەکەیان لە سێ خاڵی سەرەکیدا کورتکردۆتەوە: ڕێگریکردن لە دزەکردنی چەکداران و ڕادەستکردنی داواکراوەکان بەپێی یاسا، چەکداماڵین و لابردنی کەمپەکان و کۆکردنەوەیان لە کەمپەکانی دوور لە سنوور.

دۆسیەی ئۆپۆزیسیۆن لە ناوچە سنوریەکانی نێوان ئێران و هەرێم، دەگەڕێتەوە بۆ چەندین ساڵ لەمەوبەر، بەڵام ئەوەی زیاتر پرسی سنوورەکانی چڕکردەوە، دەورانی دوای ئەو نارەزایەتیانە بوو کە بەدوای تیرۆری (مەهسا ئەمینی) لە ناوخۆی ئێراندا سەریان هەڵدا لە ساڵی ٢٠٢٢دا، کۆماری ئیسلامی بەجیا لەسەرکوتی ئەو نارەزایەتیانە لەهەمانکاتدا پەنایبردە سەر سنوردارکردنی هەڵسورانی ئۆپۆزیسیونەکانی و دەستیکرد بە هێرشی موشەکی و فرۆکەی بێفرۆکەوان، ئێستاش ئێران بەڕێکەوتن و بە هاوکاری بافڵ و حکومەتی عێراق ئەوکارەی بۆ ئەنجام ئەدرێت. سەرەڕای سەختی ئەرکەکە، دەسەڵاتدارانی عێراق دەتوانن پشت بە خزمەتگوزاریەکانی یەکێتی نیشتمانی ببەستن بۆ بەرتەسکردنەوەی جموجوڵی ئەو چەکدارانە.

بەغدا هەوڵەدات بە کۆنترۆڵکردنی جموجوڵی چەکدارە کوردەکان لەناو خاکی عێراقدا، تا تاران و ئەنقەرە ئارام کاتەوە، کە هەردووکیان پەرۆشی ئەو پرسەن.

ئێران پێشتر هەرەشەی ئاشکرای دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی سەربازی لە ناوخۆی عێراقدا کردبوو، ئەگەر عێراق و هەرێم دەستپێشخەری نەکەن بۆ کۆتاییهێنان بە بوونی ئۆپۆزیسیۆنی چەکداری ئێران لەسەر خاکەکەیان، وەزارەتی دەرەوەی ئێران پێشتر ڕایگەیاندبوو گەر ڕێکەوتنەکە لکاتی خۆیدا جێبەجێ نەکرێت، ئەوا بەرپرسانی ئێران خۆیان بەرامبەر بەهێزو لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران لە هەرێم ئەو چەکداماڵینە جێبەجێ دەکەن.

زیادبونی پێویستی بافڵ و یەکێتی بە پشتیوانیکردنی ئێران و ئەعرەجی، لەو ڕووەوەیە کە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ململانێی سیاسی بەکاریان دەهێنن کەلە بەرامبەر بارزانی و پارتیدا نمایشی دەکەن، نمایش لەبەرامبەر ئەو ڕکابەریەی کە تائێستا تاڵەبانی لە تەواوی ژیانی سیاسی جەلالیەتدا، نەیتوانیوە بەسەریدا سەرکەوێت.

واقعی حکومەتی هەرێم و زۆنی زەرد و سەوز، پێکهاتەیەکە لە بالادەستی حزبەکانی بورجوا ناسیۆنالستی کورد، بە ڕابەری بنەماڵەی بارزانی و بنەماڵەی تاڵەبانی، بەهێزی میلیشیاو بە پشتیوانی و پاشکۆبوون بە دەوڵەتی وولاتانی تر، پارێزگاری لەخۆیان دەکەن و سەرمایەگوزاری و تالانچێتی و قاچاخچێتی دەکەن، ئەمە نمونەی ئەزمونی سی ساڵ زیاتری دەسەلاتە لە کوردستاندا، کە هیچ هەنگاوێکی پێویستی بۆ خواستەکانی خەڵک نەنراوە.

لەوە گەوجانەتر نیە کە هەندێ لایەن و ڕۆشنفکر، ئومێدی ئەوە دەبەخشنەوە کە گۆڕانی ئەم دەسەلاتە لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە دەکرێت، زیانی ئەمجۆرە ئومێدانە دامرکانەوەی ئەو نارەزایەتیە جەماوەریانەیە کە داوای کۆتایهێنانی ئەم دەسەلاتە دەکەن، کۆتاییەک کە لەڕیگەی ڕاپەڕینەوە تەواوی دامودەزگاکانیان هەڵدەوەشێنێت، دامودەزگایەک بەدەورو ئیرادەو دەخالەتی ڕاستەوخۆی خەڵک دادەمەزرێننەوە.

**حکومەت و دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی شکستی خۆی ڕاگەیاندووە مانەوەی تەنها کارەساتەکانی ژیانی خەڵک زیاتر دەکات! کاتی ئەوە هاتوە خەڵک خۆتان بریاری کۆتایی بدەن و شێوازی ژیان و ئایندەی خۆتان دەستنیشان بکەن. سیاسەتبازەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی دۆستی درۆینەی ئێوەن و کاریان پاراستنی دۆخی ئێستایە لەزەبری تورەیی و شۆڕشی ئێوە بەناوی دژایەتیکردنی ئەو دەسەلاتەو حزبە دەسەلاتدارەکانەوە!**

# کێ بەرپرسیارە لە ستەمکێشی و چەوساندنەوەی ژنان؟

## لە پەراوێزی بەرنامەی "پێچ و پەنا" لە کەناڵی "٨" بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان.

## دەشتی جەمال

شەوی ٢١/٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٤ کەناڵی ٨ لەبەرنامەیەکی تایبەتدا بەناوی "پێچ و پەنا" کە لەلایەن بەهرۆز فەرەیدونەوە پێشکەشکرا، چەند کەس لە بەرپرسی فەرمانگەکان و هەڵسوراوێکی داکۆکیکار لەمافەکانی ژنان و و پاریزەر و سکرتێری ڕێکخراوی یەکیتی پیاوانی کوردستانی دوواند بۆ قسەکردن لەسەر پرسی ژنان . ئەوەی من مەبەستە لەم نوسینەدا تاوتوێکردنی ئەو پرسیارانەو و وەلامەکانیان نیە کە لە بەرنامەکەدا ئاراستەکرا، بەتایبەتی زۆرێک لەو پرسیارو وەلامانە لەسەر مەسەلەی ژنان خرانەروو، مشتومڕی زیاتری فکری و تیۆری هەڵدەگرێت کە ڕەنگە وەلامدانەوەی تێرو تەسەلی بوویت، بەتەنها بە ووتارێک نەتوانرێ بپۆشرێ، هەربۆیە زۆرتر تەرکیزی من لەسەر ئەو ڕوانگەو نەریتە جیاوازانەیە کە گوزارش لەمەسەلەی ژنان دەکەن لە کۆمەڵگای کوردستاندا کە وەک دیاردەیەک میژوویەکی پر لە کێشمەکێشی سیاسی و کۆمەلایەتی و فکری و فەرهەنگی هەیە و بەرهەمی بەرامبەرکێی فراوانی کۆمەلایەتی چەند دەهەی کوردستانە، بەرامبەرکێیەک کە مۆری خۆی داوە لە واقعیەتی سیاسی کۆمەڵگەی کوردستان. بەرامبەرکێی دووبەرە کە بەرەیەکیان بەدەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنە بۆرژازیەکەیەوە، دەیەوێت ریشەی واقعی ستەمکیشی و بێمافی ژنان و لێکەوتەکانی بەلارێدا ببات، بۆ ئەم مەبەستە بە نەخشەوە دەیانەوێت ئەم دۆخە نەخوازراوەی ژنان بەرگری لێ بکەن و پاساو بۆ مانەوە و دریژەپێدانی بهێننەوە. ئەم نەریتە بەکردەوە دەیەوێت ستەمکیشی ژنان و بێمافیەکانی، لە توندوتیژی دەرونی و جەستەیەوە تا تیرۆری ژنان و بیمافیەکانی بە پاساوی دواکەوتویی کۆمەڵگەوە درێژەپێبدات. دەیانەوێت ناموسپەرستی و کۆنەپەرستی و پیاوسالاری و بیمافیەکانی ژنان لە کۆمەڵگەدا زاڵ بکەن. لەبەرامبەردا بەرەیەکی ناکۆک و پێچەوانە بەوبەرەیە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا راستیەکی حاشاهەڵنەگر و خاوەن میژوویەکی درەخشانە، ئەویش بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنانە، کە دەیەوێت کۆمەڵگا خالّی بێت لە توندوتیژی و هەڵاواردن و بیمافی و بەگشتی کۆمەڵگە لەو کۆنەپەرستیە رزگار بکات. ئەم رەوتە واقعییە خوێندنەوەی بۆ دۆخی ژنان، پشتبەستووە بە پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان و قازانجپەرستی سەرمایەو هەڵومەرجی ئابوری و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و یاسایی. مەسەلەی ژنان وەک مەسەلەیەکی کۆمەلایەتی و سیاسی کە ریشەی ئابووری و چینایەتی هەیە، دەبینێ. هاوکات لەڕوانگەی مافە جیهانداگرەکانی ئینسانەوە دەروانێتە مافی ژنان و خەباتەکەیان دژی ستەمکێشی ژنان و وەک مەسەلەیەکی هەستیار خستویەتە بەردەم کۆمەڵگاو رزگاری و ئازادیی ژن لە هەموو زەمینەکاندا بە ئەرکێکی سەرەکی خۆی دەبینێ.

کەوایە بابزانین ڕوانگەی بەرەی یەکەم لەسەر پرسی ژنان چییە؟ ڕوانگەیەکی بورجوازییە کە سەرچاوەی تواناو وزەی لە حزبەکانی دەسەلات لە ناسیونالیزم و ئیسلام، لەیاسای بەریوەبردنی دادگاکان، لەسیستەمێکی پەروردەو و خۆیندن لە ئەحکامەکانی لەدینەوە، وەردەگرێت. بەرەیەکی کۆنەپەرستی کۆمەڵگە کە قەومی و دینی و مەلای مزگەوت و سەرۆک عەشیرەت و شخ و تەکیە، کە هاوکاری بێدریغی هەردوو حزبی دەسەلات خراوەتە ئیختیاریەوە، دەیەوێت پاشەکشێ بکات بە مەدەنیەت و پێشکەتنخوازی کۆمەڵگا. ڕۆڵ و بەرهەمی ئەم بەرەیە کوشتنی هەزاران ژن و هەڵکشانی بەردەوامی خۆسوتاندنی ژنان، گۆرستانی بیناونیشانی ژنان، پەرەسەندنی تۆڕەکانی بازرگانی بەجەستەی ژنانەوە، خەتەنەکردنی کچان و دەیان بێمافی ترە... بێجگە لەدەیان ڕووداوی دڵتەزێنی تری شاراوە، کە پەنا بۆ دادگاکان نابەن، چونکە دادگاکان، پارێزەری ئەو سیستەم و یاساو نەریتە کۆنەپەرستەن کە بەسەر ژنانەوە ڕاگیراوە.

ئەو سیستەمە کۆمەڵگای کوردستانی لەسەر بناغەی جیاکاری چینایەتی و بەرهەمهێنانی قازانج و کەڵەکەی سەرمایە لەدەستی کەمایەتیەکدا دامەزراندوە و دین و پیاوسالاری ونەریتە کۆنەکان کەڕیشەیان لەڕابرودایە، کردۆتە بەشێک و گۆشەیەک لەگۆشەکانی سیستەمی سیاسی و ئیداری و کەلتوری و یاسایی، کە بە پێویست، ستەمکێشی ژنانی بەشێوەیەکی ئەوپەری ئاشکرا، لەخۆیدا پاراستووە . هاوکات قڵشت و نابەرابەری ئابوری و سیستەمێکی سیاسی کۆنەپەرستانەو پیاوسالار کە کۆمەڵگا بەرێوە دەبات، لەگەڵ دەرگاکردنەوە بۆ نەریتی دواکەوتوانەو رەوتەکانیان وە پێدانی ڕۆڵی زیاتر بە ئیسلام وشەریعەتەکەی .. هێندەی تر ژنانی لەگەڵ دڕندەترین ئاستی ستەم و چەوساندنەوەو هەڵاواردندا بەرەورو کردۆتەوە. مەلا و شێخ و تەکیە بۆتە پاریزەری ئەو سیستەمە چینایەتیە کە بەئاشکرا دەسەلاتێکی رەشی وەک تالیبان بەسیستەمیکی باش دەزانی بۆ پاراستنی مافەکانی ژنان و بەشۆین ئەلتەرناتیڤی کۆنەپەرستەوەیە بۆ کۆمەڵگای کوردستان. دەزگای راگەیاندنەکانی بۆ ئاوەڵایە رۆژانە یاریەکی ئەوپەری هەقیرانە بەهەست و سۆزی ژنان بکەن، پاساو بۆ پیاوسالاری بهێننەوە. بەقسەی هەلەقو مەلەق ⇦

بەرگری لەو سیستەمە بکەن کە چەوساندنەوەی ژنان و هەڵاواردنی کردۆتە پیشەی رۆژانە.

سەرباری ئەمانە دەیان رێکخراوی گوێ لەمستی حزبەکانیان و پارێزەری کۆنەپەرست و پیاوسالار ئامادەکراون تا وەکو رۆپۆشێک بۆ داکۆکیکردن لە رۆلی دین و هێشتنەوەی سیستەمی چینایەتی لە کۆمەڵگای کوردستاندا کاری خۆیان بکەن! رێکخراوی یەکیتی پیاوانی دروستکردوە کە پاساو بۆ پیاوسالای بهێنێتەوە. دوروویی و فریوکاری بکەن بەهێنانەوەی کەیسی فەردی چەند پیاوێک، گوایە ئەوە پیاوانن لە کوردستاندا زوڵمیان لێدەچێت و دەکوژرێن لەلایەن ژنانەوە و بەوجۆرە راستیەکان ئاوەژوو دەکەنەوە. لەکاتێکدا زوڵم و چەوساندنەوە لەسەر ژنان مەسەلەیەکی کۆمەلایەتی وسیاسیە نەک مەسەلەیەکی فەردی وچەند کەیسێکی تایبەتی دابراو! ئەمانە دەیانەوێت چەمکی یەکسانی نێوان ژن و پیاو بدەنە بەر دەم تانەو تەشەر و نمونەی نەشیاو نامەعقول بهێننەوە کە مەگەر تەنها خۆیان لی تێبگەن. ئەم جەنابانە، دەیانەوێت لەو رێگایەوە حاشا لە توندوتیژی و جیاکاری و بێمافی ژنان بکەن.

روانگەو ئاسۆی بەرەیەکی تر لەو بەرنامەیەدا، دەنگێکە کە نوێنەرایەتی ئازادی و یەکسانی و خۆشگوزەرانی دەکات. دەنگێکی رادیکال و ئینسانی کە مێژوویەکی پرشنگداری هەیە لە کوردستاندا لەسەردەستی ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز و ئازادیخوازیە کە خەڵکی کوردستان شاهیدی جەنگی ئەم بەرەو دەنگەن بۆ بەرگری لەمافەکانی ژنان و سەنگەری راوەستانەوە بەدژی پیاوسالاری و هەڵاواردن و ژنکوشتن و ئەتکردن و ئیختیسابی ژنان و بێحورمەتی بەکەسایەتی ژنان و ناچارکردنیان بەلەشفرۆشی! دژی دەستدرێژی جنسی لەنێو دەزگا ئیداریەکان، رووبەرووبونەوە لەگەڵ فەرهەنگی دواکەوتوانەو عەشیرەتی و خەتەنەکردنی کچان ،دژ بە کۆنەپەرستی و فەرهەنگی دواکەتوانە راوەستاون، قوربانیانداوە و بەشێکی جیانەکراوەی مێژووی خەبات و تیکوشانن دژ بە سەرچاوەکانی ستەمکیشی و جیاکاری ژنان و پەردەهەڵماڵین لەسەر ئەم ستەمکاریە و دەسەلات و یاسا کۆنەپەرستانەکان. ئەوە ئەوان بوون دەیانووت ژنان وەک ئینسان لە یاساکاندا ، لە پەروەردەو خوێندندا ، لە پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان و لەژیانی ئابووری و سیاسیدا دەبێ رێزیان لێ بگیرێت و لەمافدا یەکسان بن. لەئازادی سەفەر هاتووچۆ و نیشتەجێبوون، لەمافی هاوسەرگیری و جیابوونەوە و سەرپەرشتی مناڵ یەکسان بن. ئەوانەش لە رێساو یاساکاندا جێگیربکرێت وبچەسپێنرێت.

ماوەتەوە بڵێم لە ئێستەدا کە کۆمەڵگای کوردستان رەوت و حیزبەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی و رەوتە ئیسلامیەکان سەنگەریان گرتووە بۆ داکۆکیکردن لەسیستەمی سەرمایەداری و هێشتنەوەی کاری بەکرێ و دابەشبوونی کۆمەڵگا بە کریکارو سەرمایەدار و بە ژن و پیاو و لەسەر ئەو بنەمایەش ژنانیان بە پلە دوو هەژمارکردوە، رەوتێکی دیکە دژی ئەم ئاراستەیەیە، کە بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و بزوتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی کریکاریە و ئایندەیەکی باشتر و ئازاد و یەکسان بۆ هاوڵاتیانی کوردستان بەژن وپیاوەوە تێدەکۆشێت، بۆیە ئایندەی کوردستان مۆرکی جەنگی ئەم دووبەرەییەی پێوە دیاردەبێت.

گفتوگۆکانی ئەو بەرنامەیە نیشانی ئەدا هێشتا ئەوانەی هەرەشە لەژیان و مەدەنیەت و هەموو سیمایەکی شارستانی دەکەن لەکەمیندان بۆ گۆرینی ئاراستەی کۆمەڵگا بەرەو دواوە، بۆ بڵاوکردنەوەی بێئومیدی و فریوکاری. کۆمەڵگای کوردستان ئەمرۆ لەهەمووکات زیاتر پێویستی بە هاتنەمەیدانی ژنان و پیاوانی یەکسانیخوازو ئازادیخواز هەیە کە قۆڵی لێهەڵماڵن و دەنگیان بخەنە پاڵ هەڵسوراوانی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان بۆ رزگارکردنی کۆمەڵگا لە خورافات و دواکەتوویی و پیاوسالاری و بەپلەدووداناني ژنان، بۆ رزگاربوون لەکۆتوبەندی نایەکسانی نێوان ژن و پیاو و لە بێمافی سیاسی و کۆتوبەندی فەرهەنگی دواکەتوانە بێنە مەیدان. ئەوەش دروستکردنی رێکخراوەیەکی جەماوەری و خەباتگێری رادیکال و شورشگێری ژنان کە خەباتێکی هەمەلایەنە بەرێبخات بەقازانجی هێنانەدی ئازادی و یەکسانی هەمەلایەنەی ژن وپیاو، کە مەیدان لەبەردەم کۆنەپەرستی وستەم چەوساندنەوەو بێمافی ژناندا بەرتەسکبکاتەوە، دەکاتە ئەرکێکی دەستبەجێی هەڵسوراوانی یەکسانیخوازی ژنان .

ئەمانە رێچکەکانی خەباتێکی فراوانی کۆمەلایەتی و سیاسیە پێویستی بە تێگەیشتنێکی ریشەیی لە چەوساندنەوەی ژنان و دیاردەکۆمەلایەتیەکان هەیە. بەلام بێشک کارکردن بۆ گۆرینی ئەو دۆخە قورسەی ژنانی تێدا دەژی، دەستخستنە نێودەستی یەکتر و هاوکاری و یەکگرتویی و لە خۆبردویی و هاوئاهەنگی هەڵسوراوانی مەیدانی داکۆکیکار لە مافەکانی ژنانی پێویستە بەئامانجی دامەزراندنی رێکخراوەیەکی سەربەخۆو مەحکەمی ژنان کەدەوری شایستە بگیرێت، بەناوەرۆکیکی ئینسانی و و رادیکاڵ و مودرێن و تیژەوە پێبنێتە مەیدانەوە بەرامبەر بە بیروباوەری دژی ژن و دواکەوتوونە لە کوردستان کە ناوەرۆکی پوچ و فریوکارانە لەسەر مەسەلەکانی ژنان تورِ بدات. ئاسۆو ئامانجێک کە رووی لە بەدەستهێنانی ماف و ئازادیەکانی ژنان بێت، بەئەرکی بێدواکەوتنی خۆی بزانێت و بۆ مافەکانی ژنان لەمەیداندا بێت، بۆئەوەی ژنان وەک ئینسان لە کۆمەڵگای کوردستاندا چاولێ بکرێن و مەسەلەی ژن و یەکسانی ژن و پیاو بکاتە فەرهەنگی سیاسی ئەمرۆی کۆمەڵگای کوردستان.

★

# بۆرژوازی تورکیاو پێویستی پرسی ئاشتی!

## نوری بەشیر

پاش زیاتر لە مانگ و نیوێک لە قسەکانی دەوڵەت باخچەلی سەبارەت بە دەستپێکردنی "پرۆسەی ئاشتی" و جۆرێک لە پشتیوانی ئۆردوگان، کە مەرجدار کرابوو بەوەی ئۆجەلان بچێتە پەرلەمان و هەڵوەشاندنەوەی پەکەکە و کۆتایی تیرۆر رابگەیەنێ، بەرامبەر بە ئازادکردنی، ئەم مەسەلەیە بوعدیکی فراوانتری بەخۆوە گرتوە و زۆربەی حزبەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنی تورکیا، بێجگە لە باڵێکی ناو پەکەکە، هەموو پێشوازی لەم "گۆرانکاریە نوێیە" دەکەن!

ئاخرین هەوڵەکانی پەیوەندیدار بەم پرسەوە لەزمانی حزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی تورکیاوەیە بەجیا لە جەهەپەو دەم پارتی، حزبەکانی ئاینەدەو سەعادەتیش کاری لەسەر دەکەن. رۆژی ٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٤دا ئەحمەد داوودئۆغلو، سەرۆکی پارتی ئاینده و سەرۆک وەزیرانی پێشووتری تورکیا، لەمیانی پێنجەمین کۆربەندی "مێپس" کە لە زانکۆی ئەمەریکی لەکوردستان لە شاری دهۆک بەسترا، قسەوباسی لەسەر پرۆسەی نوێی ئاشتی و لەسەر ئاشتی ناوچەکەو جیهان کرد.

سەرەتا دەبێت بپرسین بۆرژوازی تورکیا چ بەدەسەڵات و ئۆپۆزیستۆنەوە مەبەستیان لەئاشتی چیەو چ جۆرە ئاشتیەکیان دەوێت و دەبێت ئەم ئاشتیە لەبەرژەوەندی کێیدا بێت؟ لێرەوە دەردەکەوێت ئایا بەراستی بەشوێن ئاشتیەکەوەن کەژیان و گوزەرانی هەموو خەڵکی تیا پارێزراو بێت یان ئاشتیەک کە ئەوان بەشوێنیەوەن دەسەڵاتی خۆیان بهێڵێتەوەو بەرژەوەندی بۆرژوازی دەسەڵات و سەرمایەداران بپارێزێت، واتە بەشوێن پرسی ئاشتی مەرجدارن کە خۆیان دەیانەوێت.

سەرەتای مانگی ئۆکتۆبەری رابردوو دەورێیەکی نوێی ئەم سیاسەتی پرسی ئاشتیەی بۆرژوازی دەسەڵاتداری تورکیا دەستی پێکردوەو، بەڵام ئەمجارە بە پێچەوانەی هەرەشەو جموجۆڵی سەربازی، بەخۆمەڵاسدان لەپاڵ پرسی ئاشتیدا خۆی نمایش دەکات. ئەم هەنگاوە کە لەدوای ساڵی ٢٠١٥ جارێکی تر وا بەگەرمی دەستپێدەکاتەوە بەجیا لەوەی هەر مەرام و سیاسەتێکی راگەیانراوی بۆرژوازی و حکومەت و دەسەڵاتی تورکیای لەپشتەوەبێت، نیشانەی دەورەیەکی نوێیە بۆ بۆرژوازی تورکیاو دەسەڵاتەکەی، دەرخەری دەورەیەکە کە دنیای ئەمرۆ هەر ئاڵوگۆرە خێرا تەکنەلۆژی و زانستی و ئابوریەکان بەخۆوە نابینێت، بەڵکو لەگەڵ ئەوەی کە دەسەڵاتداریتی سەرمایەداری هێشتا کایەی بەسەر کۆمەڵگای ئینسانیدا هەیە، رۆژانە مۆری تاوان و کۆمەڵکوژی و برسیتی دادەسەپێنێ، بەڵام ژمارەیەک لە قەیران و رووداوی نوێ بەناچاری خۆی دەسەپێنێ بەسەر بۆرژوازی و دەسەڵات و حکومەتەکانیاندا کەناتوانن خۆیانی لێدەرباز بکەن و دەبێت وەڵامی ترو رۆپۆشی ترو هەنگاوی تری سیاسی لەبەرامبەردا بگرنەبەر.

کۆمەڵگای ئینسانی ئەمرۆ لەگەڵ ئەو کارەساتە جەرگبڕو نامرۆڤایەتیانەدا کە لەژێر سایەی سەرمایەداریدا روودەدات، ئیتر ناتوانێت هەروا درێژە بدات، بۆنموونە لەناو دەزگاکانی خودی گەورەترین سەرمایەداری دنیا کە "یوئێن" ە دەنگی نارەزایەتی و دادگاییکردنی سەرانی ئیسرائیل بەرزدەبێتەوەو بەدژی کۆمەڵکوژی و پێشێلکاری مافی مرۆڤ کە لەفەلەستین، ئەنجامی دەدەن، دەنگ



هەڵدەبڕدرێت و داوای دادگایی و دەستگیرکردنی ناتانیاهۆ و گالانتی وەزیری بەرگری پێشوی ئیسرائیل دەکات. هیچ شوێنێکی دنیا نیە کە نارەزایەتیەکانی کرێکاران و کەمدەرامەتی کۆمەڵگا تێیدانەبێت و رۆژانە ئەو کارەساتانەی لەمیدیاکاندا نیشاندەدرێت دڵ و مێشکی هەموو مرۆڤێکی ئینساندۆست نەگوشێت، لەبرسێتی منداڵان و هەژاری و کوشتار، کە تێیدا روخساری راستی هەموو دەسەڵات و حکومەتەکانی جیهانی ئەمرۆی سەرمایەداری دەردەخات.

تورکیاش نموویەکە لەو کۆمەڵگا چینایەتیانەی کە دەنگ و هاواری نا دادپەروەری و سەرکوت و سەپاندنی هەژاری و کوشتاری دەسەڵاتە سەرکوتگەر و فاشی و ناسیونالیست و ئاینیەکەی نەک هەر تەنیا تورکیا، بەڵکو ناوچەکەشی بەهەمانشێوەی جمهوری ئیسلامی ئێران ئەنجامی دەدات، گرتوتەوە، کەتەنیا نارەزایەتی جۆراوجۆری چینایەتی و جەماوەری تێدا بەخۆوە ناگرێت، بەڵکو سەرکوت و پێشێلکاری قەومی و نەبوونی ئازادی و سەرکوتی بێپەردەو

⇐

سەپاندنی کۆنەپەرسترین یاسای دژی کرێکاری و دژی ژنانی تێدا بەڕێوەدەچێت.

بەڵام بەهۆی هەلومەرجێکی نوێی جیهانی و ناوچەییەوە کە سیاسەتی تورکیا، بازاڕی تورکیا، حکومەتی تورکیا وەک بەشێک لەناو هەلومەرجێکی جیهانیدا ناتوانێت بەدەربێت لەکاریگەریەکان، وادەکات کە دەسەڵات و حکومەت لەبەردەم فشارێکی گەورەدا دانێت، کە کارو سیاسەت و تەجروبەکانی پێشوویان ناتوانێت وەڵامدەرەوە بێت، بۆیە ئاڵوگۆڕ لەسیاسەتی بۆرژوازیدا کە نیشانەی دەورەیەکە لە جێگاوڕێگای تورکیا چ لە قەیرانی ناوخۆیی و ناوچەییدا، تا دەگاتە نیشانەی هەلومەرجی جیهانی نوێی چەند جەمسەری، کە بۆرژوازی و حکومەتەکانیان ناتوانن وەک دەورانی پێشوو هەڵسوکەوت بکەن و بە سیاسەتێکی نەگۆڕ مامەڵەبکەن، واتە ئەمە لە خواستی خۆیانەوە نیە، لەبەرامبەر ئەو هەلومەرجە سیاسی و ئابوری کۆمەڵایەتیە نوێیەدا بۆمانەوەی دەسەڵاتی بۆرژوازی و بەرژەوەندیەکانیان دەبێت سیاسەتێکی دیکە بگرنەبەر.

دووبارە ئەم "پرسی ئاشتی"ە لێرەوە سەرچاوەی گرتووە، واتە نەباڵی دەسەڵاتی بۆروازی و نە ئۆپۆزیسیۆنەکەی بەڕاستی بەشوێن چارەسەری واقعی پرسی ئاشتیەوە نین، بەشوێن ئاشتیەکەوەن کە خۆیان دابیڕێژن و بەرژەوەندی خۆیان و هەتا بەرژەوەندی نەک خۆیان، بەڵکو بۆرژوازی و حکومەتانی ناوچەکەش لێرەوە بپارێزن.

ئەگەر لە قسەوباسەکانی ئەحمەد داودئۆغلۆ ووردبینەوە کە لە سێ بەرنامەدا، کە دوانیان لە بەرنامەکانی بەشێوەی چاوپێکەوتن لە روداو و کەی٢٤دا، و سێهەم لە کۆڕبەندی "مێبس" بۆ ئاشتی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەئینگلیزی کردی، بە ئاشکرا دانەنێت بەوەی کە دنیا لەقەیراندایە، بەوەی کە ئەم ئاشتیەی کە ئەوان دەیانەوێت تەنیا بۆ تورکیا نیە، بەڵکو بۆ ناوچەکەو جیهانە. بۆیە رووی دەمی دەکاتە سەرانی حکومەتانی عەرەبی ناوچەکەو جیهان، باسی ئەوە دەکات نەزمی نوێی جیهانی نەیتوانی ئەو ئاشتیەی ئەوان دەیانەوێت بەدیی بهێنێت و ئێستاش هەلومەرجێکی نوێیەو دەبێت هەموو سەرانی حکومەتی عێراق و وڵاتانی عەرەبی، مەسعود بارزانی "کە زۆریش بەسەریدا هەڵدەدات و بە کوردی دەڵی سەرۆک مەسعود"، وە ئەمریکاو روسیاو وڵاتانی تر کە لەپاڵ یەکدا بووەستن. قسەکانی وایەو داوا دەکات ئەگەر وانەکەن ئەوا هەموو زەرەر مەند دەبن.

ئەگەر ئەم قسانەی داودئۆغلۆ وەک ئۆپۆزیسیۆنێکی ئۆردوگان و باخچەلی، دەزانێت ئەو هەلومەرجە قەیرانە قوڵە ناوخۆیی و ناوچەیی و جیهانیەی کە یەخەی بە تورکیا گرتووە، ئەگەر چینی کرێکارو کەمدەرامەتی کۆمەڵگا، هۆشیارو رێکخراوبن، ئەگەر حزبی چینایەتی کۆمۆنیستی لەمەیداندا بێت و ناڕەزایەتی سەراسەری و تا دەگاتە راپەڕین رووبدات، ئەوا تەنیا باخچەلی و ئۆردگان و حزبەکانیان ڕانامالێت، بەڵکو داودئۆغل و پارتی ئایندە و جەهەپەش رادەماڵێت، بۆیە بۆرژوازی بەهەموو جیاوازیەکانیانەوە، یەک بەرژەوەندیان هەیە کە دەسەڵات لەدەستی خۆیاندا بێت و نەچێتە دەست کۆمۆنیستەکان و چینی کرێکار.

ئەحمەد داودئۆغلۆ خۆی وەک سەرۆک وەزیران تا ٢٠١٩ وە ئێستا وەک سەرۆکی پارتی ئایندەو هاوپەیمانی لەگەڵ پارتی سەعادەت و چووە هاوپەیمانی لەگەڵ چەند پارتی تردا، بەتایبەت لەم رۆژانەدا لەبەرامبەر سیاسەتی قەیومی ئۆردگان وباخچەلیدا، چوار فراکسیۆن پرۆژە یاساکەیان پێشکەشی پەرلەمان کردووە کە پێکهاتوون لە؛ جەهەپە، دەم پارتی، ئیی پارتی و فراکسیۆنی هاوبەشی پارتی ئایندە و سەعادەت لەگەڵ ئەندامانی پێنج حیزبی دیکەی تورکیا واژۆیان لەسەر پرۆژەیاسای کۆتاییهێنان بە قەیووم کردووە، کە ئەمە بەشێکە لەخۆ ئامادەکردن بۆ دەسەڵات لەدەورەی ئایندەدا بۆ راکێشانی دەنگی کوردەکان لە دەم پارتی و نزیکبوونەوە لە جەهەپە وەک هێزی گەورەی ئۆپۆزیسیۆن بۆئەوەی ئۆردگان و باخچەلی بخەنە لاوە.

هەربۆیە ئەم "پرسی ئاشتی"یە لەپێداویستی قەیرانی دەسەڵاتی بۆرژوازی تورکیاوەیە، کە هەلومەرجی ناوخۆی قەیرانێکی قوڵی ئابوری و سیاسی گەورە هەیە، کێشەی خەڵکی کوردستان چۆتە ئاستێکی ترەوەو ناتوانن بەشێوەی پێشوو مامەڵەی لەگەڵ بکەن، هەلومەرجێکی ناوچەیی کە هاتوتە پێشەوە بەدوای ناڕەزایەتی و راپەڕینی بەهاری عەرەبی و دەرگای کردەوە بۆ دەخالەتی تورکیا نەک لەناوچەکەدا بەڵکو بۆ وڵاتانی ئەفریقا. ئێستا ئەمەش رێگری بۆ دروستبووە، هەلومەرجی نوێی دنیای چەند جەمسەری کە تورکیا هێشتا جێگای خۆی نەگرتووە لەلایەک و بەرژەوەندیەکانی پارێزراو بێت، لەقەیراندایە، لەهەمووی گرنگتر ئەم رێگای گەشەپێدانە کە چین دەبەستێتەوە بە ئەوروپا لەرێگای کەنداو لە فاوەوە بۆ ناوچەی هەرێمی کوردستان و لەوێوە بە کوردستانی تورکیا و بەناو تورکیادا بۆ ئەوروپا، کە کاریگەری ئابوری گەورەی دەبێت بۆ تورکیا، ئەمانەش بۆخۆی ئاسایش و ئارامیی سیاسی دەوێت، تا ئەو بەرژەندیە ئابوریە بپارێزێت، کە پەکەکە دەتوانێت کاریگەری هەبێت لەسەر ئەو رێگای گەشەپێدانە. هەربۆیە دەسەڵاتی بۆروژازی تورکیا بۆ رووبەڕووبونەوەی ئەم گۆرانکاری و پێشهاتە سیاسی و ئەمنی و ئابوریانە دەستی بۆ ئەم سیاسەتە نوێیە بردوە بەرامبەر بە کێشەی کورد و ئەوەی پێی دەڵێن "پرسی ئاشتی" لە تورکیا.